*Journal of Language Studies* Vol.9, No.3, Part 2, 2025, Pages (85-101)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.3.6

IRAQI Academic Scientific Journals
العراقية المجلات الأكاديمية العلمية

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS

# The Meaning of Emphasis in Political Discourse

**Shukrya Mahmoud ahmad***
**University of Salahadeen -language colleage**
**Shukrya.mahmud12@gmail.com**
**&**

**Dr. shahab taeb tahir**
**University of Raparin – education college**
**Shahab.taeb@uor.edu.krd**

**Received:** 1/ 10 / 2025, **Accepted:** 20/1 /2025, **Online Published: 30/9/2025**

## Abstract

This study examines the meaning of emphasis in political discourse in the Kurdistan Region, using the central dialect. Examples were taken from this dialect. This study aims to understand the meaning of emphasis and its uses in political discourse within the framework of semantics and to discuss its functions and importance in discourse. The meaning of emphasis refers to the deep meaning that emphasis carries in language and how it contributes to confirming and clarifying the message the sender wants to convey to the listener.The meaning of emphasis in discourse transcends words and expresses the intellectual and emotional depth of the message, making the content clearer and more powerful. Through emphasis, the speaker can ensure that the message has been conveyed with all its meanings and purposes. The study follows a descriptive approach. This study examines the importance of emphasis in political discourse within the context of

* **Corresponding Author**: Shukrya Mahmoud ahmad**, Email: Shukrya.mahmud12@gmail.com**
**Affiliation**: Salahadeen University - Iraq
© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

semantics. The research consists of two axes: the first deals with the meaning of emphasis, and the second deals with the style of emphasis in discourse.
Keywords: semantics, emphasis, style, discourse, power and influence, semantics, pragmatics.

## معنى التوكيد في الخطاب السياسي الكوردي

شكرية محمود احمد
جامعة صلاح الدين/اربيل – كلية اللغات
و
ا.د.شهاب طيب طاهر
جامعة رابرين/ كلية التربية

ملخص البحث:
يتضمن هذه البحث الخطاب والخطاب السياسى وفيها تركزت على المفاهيم والاساليب المختلفة للخطاب السياسي. وفيها تتم التطرق الى الاساليب المختلفة للتوكيد في الخطاب السياسي الكوردي، واخذت ثلاث نماذج من خطابات الرئيس (مسعود البارزانى ) **فى حملة (عملية الاستفتاء) وخطاب (الانتخابات البرلمانية الكوردستانية) وخطاب (مؤتمر نساء كوردستان)**، الذي تم الاستفادة منهما في الجانب التطبيقي، اي الجانب العملي للبحث، حتى نستطيع عن طريق هذه الخطابات الثلاثة الماخوذة كنموذج للبحث، ان نحدد الاساليب المختلفة للتوكيد في خطابات القائد مسعود البرزاني، حيث انها محاولة لتعزيز وتحليل وتفسير الخطاب، وخاصة الخطاب السياسى لزعيم الاعلى الكورد، كموضوع مهم وجديد ومعاصر، ولان الخطاب الكوردى وبالاخص الخطاب السياسى وصل الى مستوى ومرحلة جيدة ويستحق ان يتم تفسيره وفقا للنظريات العالمية وعلى مستوى التفسير وتحقيق الاهداف واداء الواجبات المختلفة.
تظهر الاحداث التأريخية فى الخطاب السياسى الكوردي فى المجتمع الكوردي على كافة المستويات ولديهم الدور المؤثر. وكل خطاب هونتاج حدث، وان طبيعة الانسان وعلاقته بالمجتمع، تجعله تبحث دائما عن المعلومات الجديدة والمهمة، وتلعب اللغة دورا هاما فى اكتساب هذه المعلومات والبحث عنها فى التعبير عن المواقف والكلام، لتوصيل الرسائل واقناع المستمعين (المستلمون) لان لغة الخطاب السياسي الكوردي يجب ان يكون واضحا وبعيدا عن مبالغة لغة سياسي والعبارات والمفاهيم المسيئة والمحرجة للذين ليسوا على دراية لمستوى المتلقين. لهذا ارتاينا ان نقسم الرسالة الى فصلين وكالاتي:
الفصل الاول: خصص للتعريف بالتوكيد والاساليب والطرق والانواع المختلفة للتوكيد.
الفصل الثالث: خصص للتعريف بالخطاب وانواعها والخطاب السياسي وخصائصهما وجوانبهما المختلفة.

# واتای جەختکردن لە گوتاری سیاسیدا

لێکۆڵینەوەیەکی هەڵێنجراوە لە نامەی ماستەر

شوکریە مەحمود ئەحمەد

زانکۆی سەلاحەددین/کۆلێژی زمان – بەشی زمانی کوردی

و

پ.د.شهاب تەیب تاهیر

زانکۆی ڕاپەڕین/کۆلێژی پەروەردە

پوختە:

ناوونیشانی لێکۆڵینەوەکە واتای جەختکردن لە گوتاری سیاسیدا، لێکۆڵینەوەیەکی واتاسازییە دەربارەی واتای جەختکردن لە گوتاری سیاسیدا. لێکۆڵینەوەکە لە چوارچێوەی واتاسازیدا باس لە واتای جەختکردن لە گوتاری سیاسیدا دەکات لە گوتارە سیاسییەکانی لە هەرێمی کوردستان سەر بەزاری ناوەڕاست و نموونەکانیش هەر لەم زارە وەرگیراون . ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە گەیشتنە بە واتای جەختکردن و بەکارهێنانەکانی لە گوتاری سیاسیدا لە چوارچێوەی واتاسازی و باس لە ئەرک و گرنگییەکانی دەکات لە گوتاردا .

واتای جەختکردن ئاماژەیە بۆ ئەو مانا قوڵەی، کە جەختکردنەوە لە زماندا هە لێدەگرێت، هەروەها چۆن بەشداری دەکات لە پشتڕاستکردنەوە و ڕوونکردنەوەی ئەو پەیامەی، کە نێرەر دەیەوێت بیگەیەنێتە گوێگر. واتای جەختکردنەوە لە گوتاردا لە وشەکان تێدەپەڕێت و گوزارشت لە قوڵایی دەروونی و سۆزداری پەیامەکە دەکات، ناوەڕۆکی بابەتەکە ڕوونتر و بەهێزتر دەکات، لەڕێگەی جەختکردنەوە قسەکەر دەتوانێت دڵنیابێت لەوەی، کە پەیامەکە بەهەموو واتا و مەبەستەکانیەوە دەگەیەنرێت .

لە لێکۆڵینەوەکەدا پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی کراوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چوارچێوەی واتاسازیدا باس لە گرنگی جەختکردن لە گوتاری سیاسیدا دەکات . لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەش پێکدێت : بەشی یەکەم : تایبەتە بە واتای جەختکردن.بەشی دووەمیش تایبەتە بە شێوازی جەختکردن لە گوتاردا ، لە کۆتایشدا ئەنجام و کورتەی باسەکە خراوەتەڕوو.

وشە کلیلەکان :

واتا ، جەختکردن، شێواز، گوتار، هێز و کاریگەری، سیمانتیک، پراگماتیک .

**پێشەکی :**

واتایی جەختکردن لە گوتاری سیاسیدا، لێکۆڵینەوەیەکی واتاسازییە - ناوونیشانی لێکۆڵینەوەکە دەربارەی واتای جەختکردن لە گوتاری سیاسیدا .

**- سنووری لێکۆڵینەوەکە:**

لێکۆڵینەوەکە لە چوارچێوەی واتاسازیدا باس لە واتای جەختکردن لە گوتاری سیاسیدا دەکات لە گوتارە سیاسییەکانی لە هەرێمی کوردستان سەر بەزاری ناوەڕاست و نموونەکانیش هەر لەم زارە وەرگیراون .

**- ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:**

ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە گەیشتنە بە واتای جەختکردن و بەکارهێنانەکانی لە گوتاری سیاسیدا لە چوارچێوەی واتاسازی و باس لە ئەرک و گرنگییەکانی دەکات لە گوتاردا .

**پرسیاری لێکۆڵینەوەکە :**

ئەم توێژینەوەیە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە ئەنجامدراوە تیایدا باس لەوە دەکرێت :

- جەختکردن چ واتایەکی هەیە ؟

-ئەرکی جەختکردن چییە لە گوتاردا ؟

-گرنگی جەختکردن چییە لە گوتاری سیاسیدا ؟

- شێوەکانی جەختکردن لە گوتاردا چین ؟

- لە گوتاری سیاسیدا جەختکردن بۆ چ مەبەستێکە ؟

**- ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

لە لێکۆڵینەوەکەدا پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی کراوە.

**-چوارچێوەی تیۆری لێکۆڵینەوەکە :**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چوارچێوەی واتاسازیدا باس لە گرنگی جەختکردن لە گوتاری سیاسیدا دەکات .

**- ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە:**

لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەش پێکدێت : بەشی یەکەم : تایبەتە بە واتای جەختکردن ئەم سەردێرانە لەخۆدەگرێت : واتا و جۆرەکانی، واتای جەختکردن لە گوتاردا، شێوازەکانی جەختکردن لە گوتاردا، شێوازی جەختکردن لە زمانی کوردیدا. بەشی دووەمیش تایبەتە بە شێوازی جەختکردن لە گوتاردا کە ئەم سەردێرە لەخۆدەگرێت: بەکارهێنانەکانی جەختکردن لە گوتاردا، هێز و کاریگەری جەختکردن لە گوتاردا، میکانزمەکانی کاریگەری جەختکردن لە گوتاری سیاسیدا ، تایبەتمەندییەکانی هێز و کاریگەری جەختکردن ، لە کۆتایشدا ئەنجام و کورتەی باسەکە خراوەتەڕوو.

**بەشی یەکەم : واتای جەختکردن :**

**١-١- واتا و جۆرەکانی :**

سەرەتا پێویستە بزانین کە واتا و جۆرەکانی واتا چین٠ بۆئەم مەبەستە چەند پێناسەیەکی واتا و جۆرەکانی دەخەینە ڕوو، هەر چەندە تاکو ئێستا پێناسەیەکی جێگیر و تەواو بۆ واتا نەکراوە، کەواتە چەند پێناسەیەک بۆ واتا دەکەین، کە ئەمانەن:

((-لێکۆڵینەوەیە لە واتا٠

- زانستێکە لە واتا دەکۆڵێتەوە٠

- لقێکە لەزمانەوانی و باس لە بیردۆزەکانی واتا دەکات٠

نەبوونی پێناسەیەکی جێگیر بۆ واتا دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەک، کە ئەمانەن:

- واتا شتێکی بەرجەستە نیە٠

- بوونی چەند جۆرێکی واتا٠

- بوونی چەند بۆچوونێک بۆ لێکدانەوەی واتا

- واتا زاراوەیەکی تەمومژاوییە و ساغ نەبۆتەوە٠)) (دزەیی،٢٠١٤: ٢٦-٢٧)

**-جۆرەکانی واتا:**

زمانەوانان بۆشارەزابوون لە لەلایەنە جیاجیاکانی (واتا )جۆرەکانی واتایان دیاریکردووە، هەروەکو (جۆن لاینز) دوو جۆر واتای دیاریکردووە، کە ئەم دوو شێوەیەی خوارەوەن٠

**١- واتای وەسفی(هۆشەکی):** ئەم جۆرە واتایە وەسفی بارودۆخ و شت دەکات، بەشێک واتای ڕستەی

لێ پێکدێت، کەواتایەکی نەگۆڕ و بڵاوە، لەشێوەی سیمای جیاکەرەوە خۆی دەنوێنێت٠

**٢-واتای ناوەسفی(کاریگەری):** ئەم جۆرە واتایە بەپێی کەس و کات و کۆمەڵگە دەگۆڕێت، تێکەڵاوی هەست و سۆز و بۆچوونی نێرەر دەبێت، کەواتە واتای ناوەسفی دەبێتە واتای وەسفی + واتایەکی زیادە، کە کەس و کۆمەڵگە دەیخاتەسەری٠ بۆیە دەبینین واتای وشە سنووردارنیە، چونکە مرۆڤ دەبەستێتەوە بەباری دەروونی خۆی و تاقیکردنەوەکانی، وشەناگاتە واتای ڕاستی تاکو گۆنەکرێت لەلایەن کەسێکەوە٠(دزەیی، ٢٠٠٩: ٣٣-٣٤)

**1-٢- واتای جەختکردن لە گوتاردا :**

ئەم واتایە لە دەوروبەر وەردەگیرێت و دەبێت شیكردنەوەی پراگماتیكی بۆ دەق و گوتار بكرێت و بخرێتە دەوروبەرەوە، شیكرنەوەی گوتار وا دەخوازرێت ئەو بارودۆخە بگەڕێندرێتەوە، شیكردنەوەی گوتار سنوری ڕۆنانی سەرەوەی دەق تێدەپەڕێنێت هەوڵ دەدات خوێنەوەیەكی لێكدانەوەیی بۆ بكات و هەموو هێماكان شیبكاتەوە و ئەوەی، كە نەگوتراوە باس بكات۰(دزەیی،۲۰۲۱: ۱۲۱).

سەرهەڵدانی شیكردنەوەی گوتارلە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدە دا، زانایانی ڕۆژئاوا ڕوویان كردووەتەوە شیكردنەوەی گوتار، لە بیركردنەوەی زمانی شیكردنەوەی گوتاریشدا دوو ئاراستە دەركەوتوون كە لە شیكردنەوەی زمانەوانیدا سنووری رستەیان تێپەڕاندووە ؛دوو ئاراستەكەش ئەمانەن:

ئاراستەی یەكەم - ئەویش لەو كارانەدا دەردەكەوێت كە (كینس بایک) و هاوڕێكانی پێی هەستاون، ئەوان وایان بینیوە كەوا شیكردنەوەی گوتار بنچینەی پەرەسەندنی بەشی مرۆڤناسییە (ئەنسرۆپۆلۆژی) ،ئەوانە لە شیكردنەوەی زمانەوانیەكەیاندا پشتیان بە ئەنجامگیری سروشت و مانای ئەو وشە و ڕستانە بەستووە كە لە چوارچێوەی (سیاقی) كۆمەڵایەتییدا بەكار هاتوون، وە ئەو ئاراستەیە ماكەكانی (فاكتەرەكانی) زمانەوانی و نا زمانەوانی پێكەوە كۆ دەكاتەوە۰

ئاراستەی دووەم - (هاریس) دەریخستووە بەوەی كە ڕێبازێكی شیكردنەوەی گوتاری پێكەوە بەستراوی (گوترا و نووسراوی) پێشكەش كردووە، كە تێیدا ڕێككارە زمانییە وەسفیەكانی بەكار هێناوە، بۆ ئەوەی پێكهاتەی دەق بدۆزێتەوە۰(عكاشة، ۲۰۰۵: ٤۰-٤۱).

(ڕۆس ووک) شرۆڤەكارێكە،كە كاریگەرانە بەشداری لە گوتاری سیاسییدا كردووە، ڕۆس بە ڕاڤەكارێكی زۆر دیاری نزیكخەرەوەی مێژووی گوتار دادەنرێت. ڕۆس لە بواری سیاسەتدا وا دەڕوانێتە لێكنزیكخستنەوەی گوتار كە دابەش دەكرێت بۆ "چەند بوارێكی كار" لەوانەش:

"ڕێكارییەكانی دروستكردنی یاسا، دروستكردنی هەڵوێستی گشتی لە ڕا و ئیرادە، پێكهاتە نێوخۆی ناو حیزبەكان لە ڕا و ئیرادە، ڕێكخستنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان لە نێوان دەوڵەتاندا، پروپاگەندەی سیاسیی، دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنی سیاسیی و كارگێری، كۆنترۆڵی سیاسیی", هەر بوارێک لە بوارەكانی بە كۆمەڵێک لە لقە جیاكانی ڕەگەزی زمانەوانییەوە دەبەستێتەوە. (فیركلاو و فیركلاو،۲۰۱٦ :٦۱).

بە واتای ئاگاداری و چەسپاندن بە هەستی وشەكان و بیركردنەوەكان لە كاتی قسەكردندا، بەشێوەیەكی گشتی بە واتای لە بەرچاوگرتن و ڕوونكردنەوە، یان بەرزكردنەوەی شتێكی گرینگ لەكاتی گوتارخوێندنەوەدا۰ كەواتە واتای جەختكردن ئاماژەیە بۆ ئەو مانا قوڵەی، كە جەختكردنەوە لە زماندا هەڵیدەگرێت، هەروەها چۆن بەشداری دەكات لە پشتڕاستكردنەوە و ڕوونكردنەوەی ئەو پەیامەی، كە نێرەر دەیەوێت بیگەیەنێتە گوێگر، یان خوێنەر ئەویش بەسەرنجدان لەسەربابەتێكی دیاریكراو۰بەرچاوترین ئەو ڕەهەندانەی یاخود ئەو ئەركانەی، كە واتای جەختكردن لەگوتاردا دەیبینن ئەمانەن:

١- جەخت لەسەرزانیاری یان بیرۆکەکە دەکاتەوە: لێرەدا واتای سەرەکی جەختکردنەوەکە بریتییە لە جێگیرکردنی زانیاری، یان بیرۆکە لە مێشکی گوێگر ئەویش بۆلابردنی ئەو گومانەی،کە پێشتر هەیبووە.

-دڵنیابن میللەتی کورد بەیەک دەنگی و بەیەک ڕیزی پشتی دووژمن دەشکێنێت.

٢- تیشک خستنە سەر گرینگی و پێشینە: واتای جەختکردن بەکاردێت بۆئاماژەدان لەسەر ئەو زانیاریەی یان ئەو بیرۆکەیەی، کە جەختی لەسەردەکرێتەوە کەوا گرنگییەکی تایبەتی هەیە.

- بخوێنن خوێندن مەرهەمە بۆ زامی گەل.

٣- بەهێزکردنی واتا و زیادکردنی کاریگەری: بێگومان جەختکردنەوە لە گوتاردا واتا بەهێز و بەهێزتر دەکات و کاریگەریەکی زیاتر لەسەر گوێگر دروست دەکات، ئەمەش بەهۆی قەناعەتی قسەکەرەوەیە.

- من دەست بەرداری ئەم نامەیە نابم، گرینگ نیە ئەنجامەکەی چی دەبێت.

٤-لابردنی لێڵی و ناڕوونی و گومان: پشتڕاستکردنەوە و دووپاتکردنەوە بەکاردێت بۆ ڕەواندنەوەی هەموو ئەو گومانانەی، کە وەرگر هەیبێت لەسەر زانیاریەکی دیاریکراو.

-دڵنیابن، کە کورد دەبێت بە دەوڵەت.

5- تیشک خستنە سەر ڕاستگۆیی و متمانە پێکراو: واتای بە کارهێنانی جەختکردنەوە ڕنگدانەوەی دڵسۆزی قسەکەرە و متمانەی زیاتر بەقسەکانی دەبەخشێت، ئەمەش وا لە گوێگر دەکات بڕوا و متمانەی بە قسەکەر هەبێت.

-هەردەم ئامادەم لەپێناو کوردستان گیانم ببخشم.

-هە میشە لەپێناو نیشتیمانم خەبات دەکەم.

٦- جەختکردنەوە لەسەر هەندێک هەست و سۆز: لێرەدا دەتوانرێت جەختکردن بۆ دەربڕینێک بێت، کە هەستی دڵسۆز و بەهێز بەکاربهێنرێت، وەکو لە خۆشەویستی یان پشتگیریدا دەردەکەوێت.

-لەدڵسۆزیتانەوە خۆشم دەوێین.

٧-ئاماژەکردن بۆ زانینی تەواو و متمانە بە خۆبوون: جەختکردنەوە گوزارشت لە زانیاری تەواوی قسەکەر دەکات لەسەر بابەتەکە و متمانەی زۆر بە خودی خۆی و تواناکانی دەخاتە ڕوو. وەکو:

-من دڵنیام لەسەرکەوتنەکانم لە داهاتوو.

٨-تیشک خستنە سەر جیاوازی: هەندێ جار جەختکردنەوە بۆ جیاکردنەوەی شتێکە و تیشک خستنەسەری لەشتەکانی تر بەکاردێت. وەکو:

بێگومان ئەم بڕیارەتان باشترین بڕیارە.

٩-بەرزکردنەوەی دڵسۆزی و ئینتیما: لە هەندێک دەوروبەردا جەختکردنەوە بۆ نیشاندانی دڵسۆزی و ئینتیما بەکاردێت، جاچ بۆ کەسێک یان شوێنێک یان بیرۆکەیەکی دیاریکراو بێت٠ نمونە:

-هەمیشە لێرەم بۆ پشتگیری و پشتیوانیت٠

10-واتای جەختکردنەوە لە گوتاردا لە وشەکان تێدەپەڕێت و گوزارشت لە قوڵایی دەروونی و سۆزداری پەیامەکە دەکات، ناوەڕۆکی بابەتەکە ڕوونتر و بەهێزتر دەکات، لەڕێگەی جەختکردنەوە قسەکەر دەتوانێت دڵنیابێت لەوەی، کە پەیامەکە بەهەموو واتا و مەبەستەکانیەوە دەگەیەنرێت،

وادەکات کاریگەربێت و کاریگەریەکی بەهێز و قوڵ لەسەر مێشکی وەرگر دروست بکات٠ نمونە:

-وا هاتن شە هیدان بەجلی سوری خوێنینەوە ٠

-دایکی وەتەن دەهەڵسە با سڵاویان بستێنینەوە٠

(جەختکردنەوە لە گوتاردا جگە لەواتا سیمانتیکییەکەی واتایەکی پراگماتیکیشی هەیە و هەوڵدەدات لە چوارچێوەی دەوروبەری کۆمەڵایەتی لەجەختکردن بگات و هەست بەکاریگەرییەکان بکات و مەبەستی قسەکەر لای ڕوون و ئاشکرا بێت٠ هەر بۆیە لەم ڕێگەیەوە جەختکردن دەبێتە ئامرازێکی کاریگەر و بەهێز بۆ کارلێککردنی تاکەکان و گەیشتن بەئامانج و ڕێزگرتن، هەروەها کاریگەری ڕازیکردن زیاتر دەکات) . (محمدامین و سعید، ٢٠٢٥ :٩-١٠)

جەختکردنەوە لە گوتاردا ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی ستراتیژی ئامرازە زمانییەکان بۆ ڕاکێشانی سەرنج بۆ زانیاری، چەمک، یان دیدگای تایبەت. تەکنیکێکە، کە قسەکەران، یان نووسەران بەکاریدەهێنن بۆ ئەوەی هەندێک بەش لە پەیامەکەیان زیاتر لە هەندێکی تر دەربکەون. بە گوێرەی وتەکەی (فیرکلۆ ) دەڵێت:

گوتار تەنیا ڕەنگدانەوەی واقیع نییە بەڵکو شێوازێکە بۆ بنیاتنانی واقیع و جەختکردنەوە ڕۆڵێکی سەرەکی .(Fairclough, N. 1992,56 )لەم بنیاتنانەدا دەگێڕێت

دەتوانرێت جەختکردنەوە لە ڕێگەی جۆراو جۆرەوە بەدەست بهێنرێت، لەوانە ڕێکخستنی ڕستەسازی (بۆ نموونە، پێشەوە)، هەڵبژاردنی وشەی (بۆ نموونە، سیفاتە بەهێزەکان)، تایبەتمەندییە پرۆسۆدیەکان (بە زمانی قسەکردن) و فۆرماتکردنی بینراو (لە دەقە نووسراوەکاندا). لە شیکاری گوتاردا، جەختکردنەوە نیشانەیە بۆ ئەوەی کە قسەکەر بەنیازە گوێگر پارچە زانیارییەکی دیاریکراو وەک گرنگێکی تایبەت لێکبداتەوە (Brown, G., & Yule, G. 1983,44).

**١-٣-شێوازەکانی جەختکردن لە گوتاردا:**

بۆ دروستکردنی جەختکردنەوە لە گوتاری سیاسیدا چەند شێوازێک بەکاردەهێنرێن:

**1**- دووبارەکردنەوە: دووبارەکردنەوەی دەستەواژە یان دروشمی سەرەکی بۆ بەهێزکردنی بیرۆکەکان بۆ نموونە، "بەڵێ دەتوانین" لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئۆبامادا ( Charteris- Black, J,2005,45).

٢- چـڕکەرەوەی وشــەیی (Lexical Intensifiers): واتە ئەو وشــانەن کە پەیامێــک لە گوتــاردا بەهێزتر دەکەن، کە زۆرجار بە سیفەت یان کردار دەردەکەون بۆ نیشاندانی هەست یـان بۆچـوونی بەهێز .بۆ نموونە لە گوتارێکدا دەسـتەواژەی: "هەرگیـز قـابیلی قبـوڵ نیـیە" کە بەواتـای (بە تونـدی نەرێنی) دێت. هەروەها دەستەواژەی "نیگەرانییەکی قووڵ" بەواتـای (نیگەرانییەکـی بەهێـز) دێـت. ئەم چڕکەرەوانە (بە تەواوی، هەرگیز ،بە قووڵی، بە ڕەها و... هتد) یارمەتی دەنگی قسـەکەر دەدەن کە بەهێزتر یان سۆزدارتر گوتارەکەی دەربکەوێت. (Charteris-BLACK, j, 2005:45-50)

**3**-پێشەوە و پێچەوانەکردنەوە: دانانی زانیاری گرنگ لە سەرەتای ڕستەیەکدا بۆ زیاتر دەرکەوتن٠ (Halliday, M. A. K., & Matthiessen, C. 2004,88)

4-هاوتەریبی (Parallelism) واتە بەکارهێنانی هەمان نەخشەی ڕێزمانی (پێکهاتە) لە زنجیرەیەک وشە، دەستەواژە، یان ڕستەدا. ئەمەش ڕیتم و هاوسـەنگی دروسـت دەکـات و بیرۆکەکـان ئاسـانتر دەکات بۆ شوێنکەوتن و بەبیرهاتنەوە. هاوتەریبی بۆ زۆر مەبەست بەکاردەهێنرێت" لەوانە:

1- ڕوونی، بیرۆکە ئاڵۆزەکان ئاسانتر دەکات بۆ تێگەیشتن .

2- ڕیتم، دەنگێکی نەرم و ڕەوتێکی جوان بە ڕستەکە دەبەخشێت .

3- جەختکردنەوە، بیرۆکە سەرەکییەکان بە دانانی ڕستەکان شانبەشانی یەکتر لە هەمان پێکهاتەدا.

4- قـایلکردن، ئارگومێنتەکـان بەهێزتـر و لەبیرنەکراوتـر دەکـات. (Halliday, M.A.K. & Matthiessen, 2004: 88-90)

نمونەکانی بەکارهێنانی هاوتەریبی لە گوتاردا:

بە وشە: حەزی لە سەماکردن، مەلەکردن و پاسکیلسوارییە .

بە دەسـتەواژە: ئەو ویسـتویەتی یـارییەکە ببـاتەوە، جـامەکە بەرز بکـاتەوە و وڵاتەکەی شـانازی پێوەبکات.

بە ڕستە: ئێمە بۆ دادپەروەری خەبات دەکەین، بۆ ڕاستی دەوەستین و هەرگیز کۆڵ نادەین.

بە وتە: حوکمڕانی گەل، لە لایەن گەلەوە، بۆ گەل.

بەگشتی هاوتەریبی لە گوتار و گفتوگۆدا کاتێك کاردەکات، کە بـۆ مەبەسـتی بنیاتنـانی ئـارگیومێنتی بەهێـز و لەبیرنەکـراو یـان بـانگەوازی سـۆزداری بەکاردەهێنرێـت. زۆرجـار سیاسـەتمەداران و چالاکوانان و نووسەران بەکاریدەهێنن بۆ ئەوەی پەیامەکانیان لە مێشکی بینەردا بچەسپێنن٠

٥- پرسـیارە ڕیتۆریکییەکـان (ڕەوانبێژییەکـان)سـەرقاڵکردنی ئامـادەبووان لە هەمـان کاتـدا تیشـک خستنە سەر خاڵە ڕەخنەگرەکان٠ )Rhetorical questions(

٦- جەختکردنەوەیەکی بینراو: لە گوتاری نووسراو یان فرە شێوازیدا، بەکارهێنانی قەڵەمی، ئیتاڵیک، یان فۆرماتکردن بۆ جەختکردنەوە لەسەر گرنگی. جێگرەوە و کەسایەتیکردن: بەکارهێنانی "ئێمە" یان "ئێوە" بۆ دروستکردنی هاودەنگی یان بانگەوازی ڕاستەوخۆ.

هەر یەکێک لەم شێوازانە بەشدارن لە دارشتنی چۆنیەتی هەستکردن و ناوەکیکردنی پەیامەکان لەلایەن بینەرەوە. بەم شێوەیە، جەختکردنەوە تایبەتمەندییەکی ناوەندی گوتارە، بەتایبەتی لە دۆمەینی سیاسیدا، کە بەکارهێنانی ستراتیژی زمان دەتوانێت دەسەڵات کۆبکاتەوە و دەستکاری بکات و بپارێزێت. لە ڕێگەی جەختکردنەوە، قسەکەرانی سیاسی ئایدۆلۆژیاکان لە چوارچێوەیەکدا دادەڕێژن و هۆشیاری گشتی لە قاڵب دەدەن و کردارەکان شەرعیەت دەدەن. تێگەیشتن لە چۆنیەتی کارکردنی جەختکردنەوە لە گوتاردا یارمەتیدەرە بۆ ئاشکراکردنی داینامیکی بنەڕەتی دەسەڵات و ستراتیژییە ڕیتۆریکییەکان کە پێناسەی پەیوەندی سیاسی دەکەن. لەگەڵ بەردەوامبوونی پەرەسەندنی گوتار لەگەڵ میدیای نوێ و سیاسەتی جیهانگیریدا، ڕۆڵی جەختکردنەوە وەک جاران لە شەڕی مانا و کاریگەریدا چارەنووسساز دەمێنێتەوە٠(هەمان سەرچاوە)

**١-٤- شێوازی جەختکردن لە زمانی کوردیدا :**

لەزمانی کوردیدا جەختکردن لەگوتاردا بەشێواز و شێوە جیاجیاکانی هەڵبژادنە جیاوازەکان دەکرێت، ئەمانە هەندێک لە شێوازە گرینگەکانن:

١- بەدەنگ و ئاواز: بەرزکردنەوەی دەنگ بۆ جەختکردن لە وشەیەک دەنگ بەرزتر دەکرێت، ئەمەش بۆ نیشاندانی گرینگی بابەتەکە و جەختکردنەوەیە٠ هەروەها بە هێواشی و برینی دەنگ واتە کەمکردنەوەی دەنگ، جەختکردن هەندێ جار لەو حاڵەتەدا لە نێوان وشەکاندا تۆنی دەنگ نزم دەبێتەوە ئەمەش بۆ ڕاکێشان و سەرنجدانە ٠

٢- بە وشەکان: بەبەکارهێنانی وشەیەکی دیاریکراو وەک( بەڕاستی، لەڕاستیدا، تەواو، هەموو، گشت٠٠) هەروەها ئەو وشانەی کە واتای جەختکردن دەبەخشن وەک(تەنها، تەنها و تەنها، هەرگیز، هەرگیزا و هەرگیز ٠٠)لەهەمان کاتدا بەدووبارەکردنەوەی وشەکان جەختکردنەوە لەگوتاردا دروستدەبێت، نمونەکان:

- بەڕاستی شۆرشی ئەیلول شۆرشێکی مەزن بوو٠

- گشت ئافرەتانی شۆڕشگێر لەشۆرشی گوڵان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو٠

- تەنها و تەنها نەورۆز بۆنەیەکی نەتەوەی کوردە٠

- یارمەتی هەژاران زۆر زۆر کارێکی پیرۆزە٠

- ئازادی ئازادی بۆگەلی کورد پێویستە٠

٣- بەپەیوەندیدانی ڕستەکان:هێنانەوەی ڕستەی گرینگ بۆ کۆتای هێنان و جەختکردن، ئەویش بەهۆی برین لەنێوان ڕستەکان بۆجەختکردن لەڕستەی دووەم٠ هەروەها لەڕستەی پرسیاریدا جەختکردنەوە دەردەکەوێت٠نمونە: تۆ تێدەگەیت ئەوە مانای چیە؟

٤- بەڕەنگاو ڕەنگی دەقی گوتار:ئەمەش بە هەژمارکردنی وشەکان لەشێوازی جیاوازدا، هەروەها بەکارهێنانی ڕستەی داواکاری بۆ جەختکردن ئەم شێوازانە لە پەیوەندیەکاندا بەکاردەهێنرێت بۆ ڕوونکردنەوەی بڕوایەکی گرینگ ،نمونە:

- ئەم کارە زۆر زۆر زۆرگرینگە،

بۆ جەختکردن لەسەر وشەیەکی گرینگ، نمونە: (Bold )

٥- بەفۆنت و نووسین( نووسراو): بەقەڵەو

**-سەرکەوتن پێویستی بە هەوڵدانە،**

هەروەها لەژێرنووسین بۆ دیاریکردنی ناوەڕۆکی گرینگ، نمونە: پێویستە **توانای** خۆت بزر نەکەیت،

٦- بەشێوەی ڕەفتاری کاریگەر: بوارەکانی پەیوەندیکردن دەگرێتەوە، وەکو پەیوەندیکردن بەچاو بەرزکردن و داگرتنی ئاماژەیە بۆ ڕەخساندنی بوارێکی تایبەت،

٧- شێوازی جەختکردن شێوازێکە بۆ دابینکردن و پشتیوانیکردن و بە هێزکردنی دەربڕین بۆ گوێگر تاکو دەربڕینەکان بەگومانەوە وەرنەگرێت،(محمدامین و سعید، ٢٠٢٥: ٣)

بەشی دووەم : شێوازی جەختکردن لەگوتاری سیاسیدا:

**٢-١- بەکارهێنانەکانی جەختکردن لە گوتاردا :**

١-هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن: هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان نمونەی بەرچاوی بەکارهێنانی جەختکردنن، سیاسەتمەداران دروشمەکانیان لە هەموو گوتارەکان، پۆستەرەکان، میدیا و ڕاگەیاندنەکاندا دووبارە دەکەنەوە،

٢- قەیرانە نێودەوڵەتییەکان: لەکاتی قەیرانە نێودەوڵەتییەکاندا، دەوڵەتان پەیامەسەرەکییەکانیان بەردەوام دووپات ئەکەنەوە بۆ ئەوەی پشتگیری جەماوەر و هاوپەیمانان بۆ هەڵوێستەکانیان بەدەست بهێنن،

٣- سیاسەتی ناوخۆیی: بێگومان لەسیاسەتی ناوخۆییدا، حکومەتەکان جەخت لەسەر دەستکەوتەکان و پلانەکانیان دەکەنەوە بۆ ئەوەی پشتگیری جەماوەر بۆسیاسەتەکانیان بەدەست بهێنن و متمانەی خەڵک بەدەست بێنن،

**٢-٢- هێز و کاریگەری جەختکردن لە گوتاردا :**

بێگومان هێز و دەسەڵات کاریگەریەکی بەهێزی هەیە لەسەر جەختکردن، چونکە هێز و دەسەڵات ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لەسەر جەختکردن ئەگەر هاتوو کەسی دەسەڵاتدار گوتارێک بدات، گوتارەکەی بەهێزەوە پێشکەشی جەماوەر دەکات، چونکە هێز و دەسەڵاتی بەسەرجەماوەردا هەیە، هەرچەندە کەسی گوتاربێژ دەسەڵاتدارتربێت هێز و کاریگەری گوتارەکەی بەهێزتر و کاریگەر ترە، کە ئەو هێزەش ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەسەر جەختکردن،

هێز و دەسەڵات زۆرجار لەڕێگەی ئابوری بەرزەوە یاخود پلەو پایەی کۆمەڵایەتی یەوە بەرجەستە دەبێت٠ چونکە ئابوری بەرز هێز و دەسەڵات دەدات بەتاک بەرانبەر بەئەوانەی لەخوارخۆیانن، بە هەمان شێوە ئەوانەی پلە و پایەی کۆمەڵایەتی و پلە و پۆستیی بەرزیان هەیە دەتوانن زیاتر ئەو هێز و دەسەڵاتەی هەیانە لەپرۆسەی جەختکردن لەگوتاردا بەکاریبهێنن، هەروەکو گوتاری بەڕێوەبەرێک

لەکۆبوونەوەیەکی تایبەت بە مامۆستایان یان کۆبوونەوە لەگەڵ دایکان و باوکان٠ پێشکەشدەکرێت، هەروەها گوتاری سەرکردەیەک بۆ جەماوەرەکەی هەروەک لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا دەبینرێت٠

هەموو ئەمانە بەهۆی هێز و دەسەڵات و پێگەیانەوە جەختکردنەوە لەگوتارەکانیان کاریگەری بەهێزی دەبێت٠

هێز: لەفەرهەنگی کامبرێجدا چەند پێناسەیەکی هێز و جۆرەکانی هێز کراوە بەم شێوەیەی خوارەوە٠ هێز:توانای زاڵبوون و کۆنترۆڵکردنە بەسەر ڕووداو و کەسەکان٠

هێز: بڕبڕەی کۆنترۆڵکردنی سیاسی تاکەکەس یان گروپێک لە وڵاتێکی دیاریکراودا دەگرێتەوە ٠

هێز: پرۆسەی کارتێکردنە٠(دزەیی و سلێڤانەیی، ٢٠١٣: ٧٧).

کەواتە هێز چەندین پێناسەی جۆراو جۆر لەخۆدەگرێت و پرۆسەیەکی بەربڵاو و تێکچڕژاو و ئاڵۆزە، بەردەوام دووبارە دەبێتەوە لەکۆمەڵگا و سیاسەت و کۆمەڵناسی و دەروونناسی کۆمەڵایەتیدا هەیە٠

- **جۆرەکانی هێز:** بەشیوەیەکی گشتی هێز دابەش دەبێت بۆ پێنج جۆر، کە ئەمانەن:

١-هێزی خەڵاتکردن( Reward Power) :

(ئەم هێزە توانا و خەڵات بەخشین بەیەکەوە دەبەستێتەوە،لێرەدا هێز بۆ نێرەر و گوێگر زیاد ئەبێت، بەپێی بڕی زیادبوونی خەڵاتەکانیان، کە نێرەر بیرلەوخەڵاتانە ئەکاتەوە، کە گوێگر وەریاندەگرێت٠

٢ -هێزی زۆرلێکردن(Coercive Power):

ئەم جۆرە هاوشێوەی جۆری یەکەمە و خەڵات ئەبێتە سزا و لەژێرکۆنترۆڵی گوێگردایە، ئەم جۆرە هێزە لەوەو دێت، کە نێرەر بۆ ئەوە ئەچێت، کەلەلایەن گوێگر سزا ئەدرێت کاتێک سەرناکەوێت لە هەوڵەکەیدا٠

٣ -هێزی شەرعی(Legitimate Power):

ئەم جۆرە هێزە لەهەموو جۆرەکانی تری هێز ئاڵۆزتر و بڵاوترە، چونکە ئەم هێزە بەستراوەتەوە بەو ڕۆڵەی، کە تاکەکەس لەناو کۆمەڵگادا هەیەتی، بەتایبەتی ئەو تاکەکەسانەی، کە ڕۆڵێکی بەرچاویان لەناو کۆمەڵگادا هەیە٠

٤-هێزی ئاماژەیی یان مەرجی(Referent Power):

ئەم جۆرە هێزە بەستراوەتەوە بە هەبوونی پەیوەندی لەنێوان نێرەر و گوێگردا، جائەگەر گوێگر بەستراوبێت بە نێرەر ئەوکاتە گوێگر هە وڵدەدات ئەم پەیوەندیە بپارێزێت٠

٥- -هێزی شاراوە یان کارامە(Expert Power):

ئەم جۆرە هێزە بۆ هە ردوو نێرەر و گوێگر دەگۆردرێت لەگەڵ رادەی زانین و درکپێکردنی نێرەر بۆ گوێگر جا لەرێگای زانینەکەی هەڵسەنگاندنی شارەزایی و کارامەیی گوێگر بکات، ئەمەش هاودژی هەر پێوەرێکی ڕەهایە٠ بەهێزترین بنەما لەناو هەر پێنج جۆرەکەی هێز گوتنەکانی دەسەڵاتن٠ بۆیە پێویستە باس لە دەسەڵات بکەین لەگوتاری سیاسیدا٠لەکۆندا بۆچوونیان وابووە، کە دەسەڵات بەبێ پارە و چەک بەرێوە ناچێت، بەڵام ئێستا هێزی پارە و چەک بەبێ چەکی گوتار بەهێز نابێت٠واتە دەسەڵات چەند پارە و چەکی هەبێت، دەبێت لەهەمان کاتدا خاوەن گوتاریش بێت بۆ ئەوەی بیروباوەڕی خۆی بگەیەنێتە جەماوەر تا جەماوەر بە بیر و بۆچوونەکانی دەسەڵات و پارتەکەی رازی بکات٠

میشێل فۆگۆ دەڵێت: پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان گوتار و دەسەڵاتدا هەیە، بەڵام ئەمە تەنها پلان و ڕێکخستنی دەسەڵات نییە، بەڵکو پەیوەندییەکە لە نێوان زمان و هەموو شێوەکانی هەیمەنەی کۆمەڵایەتییەوە کۆدەبێتەوە٠ سیاسەت و دەسەڵات بێ گوتار نابێت، کە دارێژەری هەست و ویستە و رەفتار ئاراستە دەکات، لەبەر ئەمانەگوتاری سیاسی و دەسەڵات دەبنە تەواوکەری یەکتری، مەبەستی (فۆگۆ ) لەبەستنەوەی گوتار بەدەسەڵات ئەوەیە، کە گوتار هەڵگری دەسەڵاتە و گوتار دەسەڵات بەهێز دەکات، بەڵام لەهەمان کاتیشدا گوتار دەسەڵاتیش کەمدەکاتەوە و ڕێگا بە نەهێشتنی دەسەڵات دەدات٠ئەمە ئەوە دەگەینێت،کە دەسەڵاتی گوتار بەستراوەتەوە بەدەزگایەک، یان کەسێک یان بەهێزێکی کۆمەڵایەتی، یان سیاسی داریکراو٠کەواتە دەتوانین بڵێین گوتار لەدەسەڵات جیانابێتەوە، بەڵکوپەیوەندێکی پێویستی یەکترن، گوتار دەسەڵات و هە یمەنەت بەرهەم دێنێت، کە لە سروشتی گوتار خۆیەوە پەیدا دەبێت، جا هەر بەرهەمهێنانێکی گوتار لە هەر بوار و سەردەمێکدا بێت پێویستە ملکەچی ئەو دەسەڵاتەی گوتاربێت، چونکە دەسەڵاتی سیاسی بە بەرهەمهێنانی گوتار بەهێز دەبێت،کەئایدۆلۆجیای ئەو دەسەڵاتە سیاسیەی تێدا ڕەنگ دەداتەوە و هەر گوتاری سیاسیە،کەدەسەڵاتی سیاسیی دەپارێزێت، چونکە مان و نەمانی دەسەڵاتی سیاسی بەندە بەمان و نەمانی گوتار٠(دزەیی و سلێڤانەیی، ٢٠١٣ :٨٠-٨١)

هێز(تۆن) و کاریگەری جەختکردن لە گوتاردا گرینگی زۆری هەیە، چونکە ڕەنگی گوتار دەگۆڕێت و دەتوانێت مافەکان ئاڕاستە بکات یان مەبەستی وتەکان باشتر ڕوون بکاتەوە٠هەروەها کاریگەری تایبەتی لەسەر بیرکردنەوەی بیسەرەکان هەیە، هەروەها لەژیانی ڕۆژانەدا هێز و کاریگەری جەختکردن دەتوانێت کاریگەری گرنگی لەسەر ئەوە هەبێت، کەچۆن هاوڕابەری بۆ زانیاریەک دەکرێت ئەوهاش کاریگەری و گرنگی لە ناو گوتاردا هەبێت، بێگومان کاریگەری جەختکردن لە گوتاردا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شتانەی، کە زۆرتر لەبیرت بن چونکە گوێگر بەهۆی جەختکردن زۆرتر لەو وشانە سەردەردەکات هەروەها هێز و کاریگەری جەختکردن هەوڵی زیاتر بۆتێگەیشتن دەدات، کەوا گوێگر دەتوانێت بەهۆی جەختکردن زۆرتر و زیاتر سەرنجی بابەتەکە بدات و شارەزایی زیاتر بۆ تێگەیشتن هە بێت٠

لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە، کە شرۆڤە کردنی گوتاری سیاسیی بەشێکی مەعریفیە و بە هۆی دەقەکانی یان قسەکانیەوە، یان وێنەکانیەوە، یان بە هۆی ئاماژە و هێما و نیشانەکانیەوە گرنگی

به بەردەوامی سیاسیی دەدات لە کۆمەڵگەدا، هەروەها ئامانج لە شرۆڤە کردنی گوتاری سیاسیی، کە چۆن زۆربەی ئەو ئەرکانەی، کە زۆر بە توندی بە دەسەڵاتەوە بەستراونەتەوە، تەواو دەکات و ڕەوایەتی (شەرعیەتی) پێدەدات و دەیپارێزێت، بە گوێرەی ئەوەی کە ئەوە گوزارشتە لە گوتار. (عبداللطیف،2020: 19).

-(جەختکردن ئامرازێکی بەهێزە لەزمانی کوردیدا، یان لە گوتاری سیاسیدا،کە دەتوانێت کاریگەری قوڵی لەسەر بیروڕای گشتی و هەڵوێستی خەڵک هەبێت، تێگەیشتن لە میکانیزمەکانی کاریگەری جەختکردن یارمەتیمان دەدات، کە گوتاری سیاسی باشتر تێبگەین و بەشێوەیەکی ڕەخنە گرانە لێی بکۆڵینەوە. بکەن.مەبەست لە جەختکردن، وەک شێوازێکی دەربڕینی تایبەت لە قسەکردندا، کە قسەپێکەرانی زمان بۆ هەر مەبەستێکی تایبەت بە خۆیان بێت، کە پێویست بکات بەکاری دەهێن. ) (محەمەد، ٢٠١٧: ٢٠).

سیاسەتمەداران و هاوڵاتیان هەر دووکیان پێویستە ئاگاداری هێز و کاریگەری جەختکردن بن، چونکە سیاسەتمەداران دەتوانن بەشێوەیەکی بەرپرسانە سوود لەم میکانیزمە وەربگرن، وە هەروەها هاوڵاتیانیش دەتوانن بەشێوەیەکی ڕەخنە گرانە هەڵسەنگاندن بۆ پەیامە سیاسییەکان بکەن.مەبەست لە جەختکردن، وەک شێوازێکی دەربڕینی تایبەت لە قسەکردندا، کە قسەپێکەرانی زمان بۆ هەر مەبەستێکی تایبەت بە خۆیان بێت، کە پێویست بکات بەکاری دەهێن.

کەواتە جەختکردن( دووبارەکردنەوە) یەکێکە لەکاریگەرترین تەکنیکەکانی ناو گوتاری سیاسی، سیاسەتمەداران و ڕابەرانی جیهان بەردەوام پەنا بۆ ئەم میکانیزمە دەبەن بۆ ئەوەی پەیامەکانیان بخەنە ناو زەینی( مێشکی ) خەڵکەوە و بیرۆکە سەرەکییەکانیان بچەسپێنن.

جەختکردنەوە بێلایەن نییە؛ مومارەسەی دەسەڵاتی گوتارییە. قسەکەران بە بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە جەخت لەسەر چی بکەنەوە و چی لاببەن، ڕەوتی زانیاری و بنیاتنانی مانا کۆنترۆڵ دەکەن. لە گوتاری سیاسیدا ئەمە دەتوانێت کاریگەری لەسەر سیاسەتی گشتی و دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن و تەنانەت گێڕانەوەی مێژوویی هەبێت. هێزی جەختکردنەوە لە توانایدایە، کە شەرعیەتدان یان ناشەرعیەتدان بە کردارەکان بدات. لە ڕێگەی جەختکردنەوەیەکی هەڵبژێردراوەوە، دەتوانرێت کردارەکان وەک قارەمانانە یان خراپەکارانە لە چوارچێوەیەکدا دابنرێت. هەروەها بیرەوەری بەکۆمەڵ وێنا بکات و سەرکردە سیاسیەکان جەختکردنەوە بەکاردەهێنن بۆ تیشک خستنە سەر هەندێک ڕووداوی مێژوویی لە کاتێکدا هەندێکی دیکە( Wodak, R. 2011,210) پەراوێزی دەخەن.

لە لایەکی ترەوە، دەتوانرێت جەختکردنەوە بەکاربهێنرێت بۆ شێواندنی ڕاستییەکان یان زیادەڕەوی لە وردەکارییەکان بۆ ئەوەی لەگەڵ کارنامەیەکی سیاسیدا بگونجێت. (Lakoff, G,2004,77)

**٢-٣- میکانیزمەکانی کاریگەری جەختکردن لەگوتاری سیاسیدا:**

**1**- کاریگەری زانیاری ناڕاستەوخۆ: لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە، کە دووبارە کردنەوەی بەردەوام دەبێتە هۆی ئەوەی، کەخەڵک هەست بکەن، کە زانیارییەکە ڕاستە یان ناسراوە، تەنانەت ئەگەر،

لەبنەڕەتدا ڕاستیش نەبێت ئەمە بە کاریگەری ڕاستی ناسراوە. کاتێک خەڵک شتێک چەندین جار دەبیستن، هەست دەکەن، کەئەوە نیشانەی ڕاستی و گرینگی ئەو زانیارییە.

٢- چەسپاندن لە بیرەوەریدا: جەختکردن یارمەتی خەڵک ئەدات بۆ ئەوەی زانیارییەکان لە بیرەوەریاندا بچەسپێنن. لێکۆڵینەوەکان لە بواری دەروونناسیدا دەریانخستووە، کە دووبارەکردنەوە یەکێکە لە کاریگەرترین میکانیزمەکان بۆ فێربوون و لەبەرکردن، بەپێی یاسای جەبر( Law of Effect) ئەو شتانەی، کە بەردەوام دووبارە دەبنەوە زیاتر لەبیر دەمێننەوە.

٣- دروستکردنی دڵنیایی: لەڕێگەی جەختکردنەوە، سیاسەتمەداران ئەتوانن هەستی دڵنیایی و متمانە لەلای جەماوەرکەیان دروست بکەن. کاتێک پەیامێک بەردەوام دەبینرێت یان دەبیسترێت، خەڵک لەگەڵی ڕادێن و متمانەیان پێی دروست ئەبێت.(هەمان سەرچاوە)

٤- گوتاری سیاسی لە بنەڕەتدا قایلکەر و ئەنجامدەرانەیە. سیاسەتمەداران، لە ڕێگەی گوتارەوە، نەک تەنها هەوڵ دەدەن ئاگادار بکەنەوە بەڵکو کاریگەری لەسەر بیروڕای گشتی دروست بکەن و شەرعیەت بەدەست (Chilton, P:2004,88) بهێنن.

**٢-٤- تایبەتمەندیەکانی هێز و کاریگەری جەختکردن:**

أ باوەڕپێدان و دەستورکاری: جەختکردن کاریگەری باوەڕهێنانی بەگوتار دەبێت و دەستوورکاری دیاری دەکات.

ب- بەرهەمهێنانی هەستێکی زۆر: لەکاتی خۆشەویستیدا جەختکردن دەتوانێت هەست و سۆز زیاتربکات.

پ- کاریگەریەکان: بێگومان کاتێک کەسێک، کەجەخت لەگوتاردا دەکات قسەکەی زۆر بەخێرایی و بەتەواوەتی دەگەیەنێت بە بیسەران.

ت- زیادکردنی هۆشداری: کەسەکان زیاترئامادە دەبن بۆ بیستن و تێگەیشتنی ناوەڕۆکی گوتارەکان.

ج- دروستکردنی تێگەیشتنێکی بەهێز:جەختکردنەوە لەگوتاردا زۆرجار بۆ ئەوەیە، کە لەبیرنەچێت و کاریگەری درێژخایەنی هەبێت.

د- گۆڕانی بارودۆخ: بەپێی گۆڕانی بارودۆخەکان هێزو کاریگەری جەختکردن باش و خراپ دەبێت.

هـ- هێز و کاریگەری جەختکردن ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەیە لەبواری ڕاگەیاندنەکاندا.(دزەیی،٢٠٢١: ٧٩)

و- یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هێز و کاریگەری جەختکردن ڕازیکردنە، چونکە ڕازیکردن یان کارتێکردن لە سەر وەرگران یەکێکە لە گرینگترین ئەرکەکانی زمان، ئەم ئەرکە ئەرکێکی تازە نیە بینرا بێت، بەڵکولە کۆن و دێرزمانەوە لەناو کەوندا هەبووە.بێگومان زمان ڕۆڵێکی گرنگی

هەیە، لە ژیانی مرۆڤدا بەڕێگەی بەکارهێنانی تێگەیشتنی جیاواز، زمانی مرۆڤ ڕوون و ئاشکراو پاراو دەبێت٠(عەلی، ٢٠١٣: ٣٩)

## ئەنجام :

1-واتای جەختکردن ئاماژەیە بۆ ئەو مانا قوڵەی، کە جەختکردنەوە لە زماندا هەلێدەگرێت، هەروەها چۆن بەشداری دەکات لە پشتڕاستکردنەوە و ڕوونکردنەوەی ئەو پەیامەی، کە نێرەر دەیەوێت بیگەیەنێتە گوێگر، یان خوێنەر ئەویش بەسەرنجدان لەسەربابەتێکی دیاریکراو٠بەرچاوترین ئەو ڕەهەندانەی یاخود ئەو ئەرکانەی٠

2- جەختکردن چەند ئەرکێک دەبینێت گرنگترینیان جەخت لەسەرزانیاری یان بیرۆکەکە دەکاتەوە٠لێرەدا واتای سەرەکی جەختکردنەوەکە بریتییە لە جێگیرکردنی زانیاری، یان بیرۆکە لە مێشکی گوێگر ئەویش بۆلابردنی ئەو گومانەی،کە پێشتر هەیبووە٠هەروەها تیشک خستنە سەر گرینگی و پێشینە: واتای جەختکردن بەکاردێت بۆئاماژەدان لەسەر ئەو زانیاریەی یان ئەو بیرۆکەیەی، کە جەختی لەسەردەکرێتەوە کەوا گرنگییەکی تایبەتی هەیە٠ جگە لەمەش ئەرکی بەهێزکردنی واتا و زیادکردنی کاریگەری دەبینێت .

٣- گرنگی جەختکردن لە گوتاری سیاسیدا لە ئاماژەکردنە بۆ زانینی تەواو و متمانە بە خۆبوون جەختکردنەوە گوزارشت لە زانیاری تەواوی قسەکەر دەکات لەسەر بابەتەکە و متمانەی زۆر بە خودی خۆی و تواناکانی دەخاتە ڕوو٠

٤- شێوەکانی جەختکردن لە گوتاردا بریتین لە : دووبارەکردنەوە، چڕکەرەوەی وشەیی، پێچەوانەکردنەوە، هاوتەریبی، پرسیارە ڕیتۆریکییەکان (ڕەوانبێژییەکان)، جەختکردنەوەیەکی بینراو٠

٥- ئامانجی جەختکردنەوە لە گوتاری سیاسیدا، بەهێزکردنی پەیامی سیاسی و کاریگەرتر و رازیکەرترە بۆ ئامادەبووان.

## سەرچاوەکان :

### -سەرچاوە کوردیەکان:


-دزەیی،عبدالواحیدموشیر(٢٠٠٩)کاریگەری دەروونی لەبواری ڕاگەیاندندا، چاپی یەکەم، هە ولێر

-دزەیی،عبدالواحید مشیروسلێڤانەیی،شێرزادصبری (٢٠١٣) زمانەوانی سیاسی، چاپی یەکەم،هە ولێر

- دزەیی، عبدالواحید مشیر(٢٠١٤) واتاسازی وشە و ڕستە، چاپی سێیەم، هەولێر

- دزەیی، عبدالواحید مشیر(٢٠٢١) هێز و کاریگەری ڕستەی پرس، چاپی یەکەم، هەولێر

- دزەیی،عبدالواحید مشیر(٢٠٢١) نیشانە و دەق و واتا، چاپی یەکەم، هەولێر

- محەمەد، حەمید ساڵح (٢٠١٧) جەختکردن و شێوازەکانی لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی-هەولێر

-عەلی، شیرزاد سەبری (٢٠١٣) ڕازیکرن د گوتارا ڕامیاریدا٠(ڤەکولینەکا پرگماتیکییە)،چاپا ئێکێ، دهۆك

-محمدأمین و سعید، حسن نجم الدین- پەیمان عبدالکریم(٢٠٢٥)شێوازی جەختکردن، واتا و ئامانجی لەزمانی کوردیدا، توێژینەوە،گۆڤاری زانکۆ بۆزانستە مرۆڤایەتیەکان٠

**-سەرچاوە عەربیەکان:**

- فيركلاو، ايزابيلا و فيركلاو، نورمان (٢٠١٦) تحليل الخطاب السياسي مقاربة لطلاب الدراسات المتقدمة والعليا، ترجمة الى العربية :عمورة، عبدالفتاح ، الطبعة الأولى، دار الفرقد، سوريا-دمشق

–عبداللطيف، عماد( 2020) تحليل الخطاب السياسي: البلاغة، السلطة، المقاومة، دار كنوز المعرفة للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، عمان– الأردن

–عكاشة، محمود( 2005) لغة الخطاب السياسى دراسة لغوية تطبيقية في ضوء نظرية الاتصال، دار النشر للجامعات مصر، الطبعة الأولى، مصر

**- سەرچاوە ئینگلیزیەکان:**

- Charteris-Black, J. (2005). *Politicians and Rhetoric: The Persuasive Power of Metaphor*. Palgrave Macmillan.
- Chilton, P. (2004). *Analysing Political Discourse: Theory and Practice*. Routledge.
- Fairclough, N. (1992). *Discourse and Social Change*. Polity Press.
- Halliday, M. A. K., & Matthiessen, C. (2004). *An Introduction to Functional Grammar* (3rd ed.). Hodder Arnold.
- Lakoff, G. (2004). *Don't Think of an Elephant! Know Your Values and Frame the Debate*. Chelsea Green.
- Wodak, R. (2011). *The Discourse of Politics in Action: Politics as Usual*. Palgrave Macmillan.
- Brown, G., & Yule, G. (1983). *Discourse Analysis*. Cambridge University Press.